**بەش: جوگرافیا**

**کۆلێژ: ئەدەبیات**

**زانکۆ: سەلاحەدین – هەولێر**

**بابەت:جوگرافیای لادێ**

**پەرتووکی کۆرس – (قۆناغی دووەم -کۆرسی یەکەم )**

**ناوی مامۆستا :خولة حمەرشید عمر**

**ساڵی خوێندن: 2023-2024**

# پەرتووکی کۆرس
# Course Book

| | |
|---|---|
| 1. ناوی کۆرس | جوگرافیای لادێ |
| 2. ناوی مامۆستای بەرپرس | خولة حمةرشيد عمر |
| 3. بەش/ کۆلێژ | جوگرافیا / ئەدەبیات |
| 4. پەیوەندی | ئیمێل Khawlah.omer@su.edu.krd<br><br>ژمارەی تەلەفۆن: 0750 4959284 |
| 5. یەکەی خوێندن (بە سەعات) لە هەفتەیەک | تیۆری: 3کاتژمێرلە هە فتەیەکدا<br><br>پراکتیک: 0 |
| 6. ژمارەی کارکردن | |
| 7. کۆدی کۆرس | |
| 8. پرۆفایەلی مامۆستا | /https://academics.su.edu.krd/ khawlah |
| 9. وشە سەرەکیەکان | لادێ- جوگرافیای نیشتەجێی لادێ– گوند- پەرەپێدانی لادێ |

10_ناوەڕۆکی گشتی کۆرس:

جوگرافیای لادێ زانستێکە گرنگی بە نیشتەجێی لادێ دەدات لە جیهان لە رووی چۆنیەتی گەشەکردنی مێژوویی گوندەکان و خاسیەتەکانی کۆمەڵگایی لادێی ،چۆنیەتی جیاکردنەوەی لە نێوان  شار و لادێ و مۆرفۆلۆجیای گوند واتا شێوەی گوندەکان و چۆنیەتی دابەشبوونی خانوەکان و پێك هاتەی ناوەوەی گوندەکان، ئەو هۆکارە سروشتی و مرۆییانەی کار لە تەرزەکانی دابەشبوونیان دەکات ،ئەمە جگەلە روون کردنەوەی تەرزەکانی دابەشبوونی جوگرافیای نیشتەجێی لادێی و هۆیەکانی کاریگەر لەسەر دابەش بونیان و هەروەها گرنگی بە واقعی لادێ دەدات لە دێهاتە جیاجیاکانی جیهاندا و چۆنیەتی ژیانیان نیشان دەدات ،جگە لە لێکۆڵینەوە دەربارەی کێشەکانی نیشتەجێی لادێ لە جیهان بەتایبەتی لە وولاتە تازەپێگەیشتووەکان و دواکەوتووەکاندا و گەران بە دوای چارەسەرکردنیان لە رێگای پلاندانان و پەرەپێدان ،هەروەها جەخت لەسەر روونکردنەوەی ئەو پەیوەندیە دەکات کە لە نێوان لادێ و شار هەیە کارتێکردنی هەریەکەیان لەسەر ئەویتر .لە کۆتایی فەلسەفەی ئەم بابەتە لەوەدا بەدیار ئەکەوێت کە ئەم زانستە گرنگی بوونی لادێ روون دەکاتەوە بۆ قوتابی و چ ئاسەواری نەرێنی و ئەرێنی بە جێ ئەهێڵێت لەسەرمرۆڤایەتی دا .

11.ئامانجەکانی کۆرس :

1.شارەزابوونی قوتابی لە یەکیك لە لقەکانی جوگرافیایی مرۆیی لە زانستی جوگرافیادا.

2_شارەزابوونی قوتابی لە چەمك و مانای جهوگرافیای لادێ و چۆنیەتی سەرهەڵدان و گەشەکردنی و ئەو پەیوەندیانەی ئەیبەستێتەوە بە لقەکانی تری جوگرافیا .

3.روونکردنەوەی شێوەی گوند و دابەشبوونی خانوەکانی و دابەشبوونی جوگرافی نیشینگە  لادێیەکان لە جیهان و ئەو هۆکارانەی کاریان تێدەکات و پۆلێن کردنی لادێیەکان و دیاریکردنی جۆرەکانیان .

4.لێکۆڵینەوە دەربارەی گیروگرفتەکانی لادێ و بیرکردنەوەی قوتابی لە چۆنیەتی چارەسەرکردنی پلان دانان بۆی .

5.ڕۆشن کردنەوەی پەیوەندی نێوان گوند و شار و کاریگەریەکانی شار لەسەر گەند بەشێوەیەکی گشتی و کاریگەری

لادێیەکان لەسەر شارەکاندا.
6.ئەم بابەتە یارمەتی قوتابی دەدات پەیوەندی بدۆزێتەوە لە نێوان دێهاتەکانی وولآتی خۆی و ئاست و واقعی دێهاتەکان لە جیهان و بەراوردکردنی .
7.ئەم بابەتە خۆ گونجاندنی مرۆڤ و تواناکانی نیشان دەدات لە ژینگە سروشتیە جیایەکاندا .
8.شارەزابوونی قوتابی لە شێوازی گوندەکان و دابەشبونیان لە هەرێمی کوردستان و واقعی گوندەکانی و چۆنیەتی چارەسەرکردنییان.

## 12.ئەرکەکانی قوتابی :

1.ئامادەبوون بۆ وەرگرتنی وانەکە "گرنگە قوتابی بایەخ بە بابەتەکە بدات .
2.پێویستە لەسەر قوتابی هەوڵ بدات بۆ خوێندنەوە ئامادەبوون بۆ هەر پرسیارێك کە ڕوبەڕوی دەکرێتەوە لە ماوەی وانە ووتنەوەا.
3.دەرچوون لە تاقیکردنەوە
4.خوێندن لەم قۆناغەی ئێستای زانکۆدا بە ڕاپۆرت نوسین وەك ئەرك لەلایەن قوتابی سودی کەمی هەیە و کەم تا زۆر قوتابی خۆی ماندوناکان لە نوسین دا لە هەولَی وەرگرتنیەتی بەشێوەی ئامادەکراو یان کۆپی پەیست .

13.ڕێگاکانی وانە ووتنەوە :
ئامادەکردنی وانەکان بەشێوەی پی دی ئێف ،بەکارهێنانی گرتەی ڕوونکاری زانستی (وێنە) ڤیدیۆی تایبەت بۆ تێگەیشتنی زیاتری قوتابی .

## 14.سیستەمی هەڵسەنگاندن :

1.بەشداری بوون لە وانەکانی ڕۆژانە .
2.تاقیکردنەوە .

## 15.دەرەنجامەکانی فێربوون :

لە کۆتایی تەواوکردنی بابەتەکە قوتابی ئەمانە فێری دەبێت :
1.قوتابی بوونی لادێ و پەرەپێدانی بۆ بەدیاردەکەوێت .
2.جیاوازی ئاستی ژیانی لادێ لە وولآتە دواکەوتووەکان و تازەپێگەیشتوەکان و پێشکەوتوەکان بۆ بەدیاردەکەوێت لە جیهاندا .
3.کێشەکانی لادێ لە هەرێمەی کوردستان بۆ قوتابی بەدیاردەکەوێت و چۆنیەتی بیرکردنەوە بۆ چارەسەرکردنیان .
4. قوتابی بۆی بەدیاردەکەوێت کە چۆن دانیشتوانی لادێ لە هەرێمی کوردستان خۆیان گونجاندووە لەگەڵ ژینگە جیاجیاکاندا .
5.قوتابی توانای شیکردنەوەی شێوەی گوند و تەرزەکانی دابەشبوونی خانوەکان و دیزاینیان ئەبێت و ئەو هۆکارانەی کاریان تێدەکات.
6.بۆ قوتابی بەدیارئەکەوێت کە لادێ کرنگیەکەی لە شار کەمترنیە بۆ ئەوەی هەمان ئاستی ژیانیان بۆ دابین بکرێت

## 16. :لیستی سەرچاوە :


1.مازن عبد الرحمن ، جغرافية الريف، عمان،2013.
2فيصل قماش واخرون، الجغرافية الريفية والتخطيط الريفي، دمشق ، 2014.
3. نهال محمود ،جغرافيا العمران البشري، عمان ، 2017. .
4علي سامل شواورة ،التخطيط فى العمران الريفي والحضري، عمان ، 2011.
5 خليل اسماعيل محمد ،أيوب خليل اسماعيل ،جوطرافياى دێنیشین ،هەولێر ،2012 ، بەزمانی کوردی.

6.عبدالرزاق محمد البطيحى، عادل عبدالله خطاب ،جغرافية الريف، بغداد ، 1982 .
7.صربي فارس الهيتى،حسن ابو مسورة ، جغرافية الاستيطان الريفي والتنمية الريفية ،عمان 82011. .
خليل اسماعيل محمد ،صربي فارس الهيتى، جغرافية الاستيطان الريفي ،بغداد ، 1987 . بةزماني عةرةبي و بةزماني كوردى 2019.
9.خليل أسماعيل محمد ، أيوب خليل اسماعيل ، گوندنشين له هەرێمی چیایی ، چارێزگای هەولێر وەکو نمونه ،2015.
11.خليل اسماعيل محمد، انماط الاستطان الريفى فى العراق،بغداد،1982 .
11.محمد عبدالهادى وآخرون، المجتمع الريفي ، بغداد ، .1979 .
12عبد الفتاح محمد وهيبة ، جغرافية العمران ، 1975.

| ناوی مامۆستای وانەبێژ | 17. بابەتەکان |
|---|---|
| 3 کاتژمێرلە هە فتەیەکدا<br>**هەفتەی یەکەم** | ناوەڕۆکی کۆرس<br>ناوەڕۆکی بابەتەکە یەکەکانی تایبەت /<br>ناوەڕۆکی بابەتی جوگرافیای لادێ بۆ ساڵی خوێندنی (2023_2024)<br>بەشی یەکەم/ چەمکی جوگرافیای لادێ و ئامانجەکانی خوێندنی |
| **هەفتەی دووەم** | أ.چەمکی جوگرافیای لادێ و خاسیەتەکانی.<br>ب.مێژویی پەرەسەندنی جوگرافیای لادێ .<br>ج.ئامانجەکانی خوێندنی جوگرافیای لادی . |
| **هەفتەی سێیەم** | د.چەمکە سەرەکیەکان (نیشینگە لادێیەکان"پیشە"مۆرفۆلۆجی"پۆلێنکردن)<br>بەشی دووەم:پاڵنەرەکانی گرنگهی دان بە جوگرافیای لادێ و هۆیەکانی<br>أ.بەرزی ژمارەی دانیشتوانی لادێ لە جیهان . |
| **هەفتەی چوارەم** | ب.پشکداری لە داهاتی نەتەوەیی .<br>ج.نا هاوسەنگی گەشەی لادێ و شار<br>د.پرسی دانیشتوان و ئاسایشی خۆراك. |

| | |
|---|---|
| هەفتەی پێنچەم | بەشی سێیەم: بوارەکانی لێکۆڵینەوەکردنی زانستی جوگرافیای لادێ :<br>أ.بوارە ژینگەییەکان .<br>ب.بوارە مڕۆییەکان . |
| هەفتەی شەشەم | بەشی چوارەم :بنەماکانی دیاریکردن و پێوەرەکانی جیاکردنەوە لە نێوان شار و لادێ :<br>أ.پێوەری دیمۆگرافی<br>ب.پێوەری کار و چالاکی و پیشە<br>ج.پێوەری مۆرفۆلۆجی<br>د.پێوەری کارگێری |
| هەفتەی حەوتەم | بەشی پێنجەم /پۆڵینکردنی نیشینگە لادێیەکان و خەسڵەتەکانیان :<br>_پۆلێنی ژینگەیی<br>_پۆلێنی ئاووهەوایی<br>_پۆلێنی قەبارەیی<br>_پۆلێنی ئەندازەیی<br>_پۆلێنی پیشە و چالاکی |
| هەفتەی هەشتەم | بەشی شەشەم /هۆکارە کاریگەرەکان لەسەر دابەشبوونی جوگرافیایی نشینگە لادێیەکان :<br>أ.هۆکارە سروشتیەکان (ئاووهەوا، بەرزی و نزمی ، دەرامەتی ئاو، خاك)<br>ب.هۆکارە مرۆییەکان. |
| هەفتەی نۆیەم | بەشی حەوتەم/جۆرەکانی دابەشبوونی نیشینگە مرۆییەکان و تەرزەکانی :<br>_تەرزەکانی (دابڕاو،بڵاو،پەرش وبڵاو،کۆوەبوو)<br>_تەرزەکانی (کۆوەبوو،هەرەمەکی،تەرزی ڕێك و پێك) |

| | |
|---|---|
| بەشی هەشتەم /مۆرفۆلۆجیای نیشینگەی لادێیی<br><br>بەشی نۆیەم /پاڵنەرەکانی چۆڵبونی لادێ و ئاوەدان بونەوەی و هۆکارەکانی ڕاکێشان و دەرکردن لە لادێکان .<br><br>بەشی دەیەم:بەکارهێنانی زەوی لادێی :<br><br>أ.بەکارهێنانی زەوی بۆ کشتوکاڵی<br><br>ب.بەکارهێنانی زەوی بۆ پیشەسازی و بازرگانی<br><br>ج. بەکاهێنانی زەوی بۆ خزمەتگوزارییەکان .<br><br>بەشی یازدەهەم :پلان دانان و پەرەپێدانی لادێی .<br><br>بەشی دوازدەهەم :نمونەی لادێ نشین لە هەرێمی کوردستان و عێراق . | هەفتەی دەیەم<br>هەفتەی یازدەم<br><br>هەفتەی دوازدەم<br><br>هەفتەی سێزدەم<br><br>هەفتەی چواردەم<br>هەفتەیپازدەوشازدەم |
| 18. بابەتی پراکتیک (ئەگەر هەبێت) | |
| | |

**19. تاقیکردنەوەکان**

**1. دارشتن:** لەم جۆرەتاقیکردنەوەیە پرسیارەکان زۆربەی بە وشەی وەک روون بکەوە چۆن...؟ هۆکارەکان چی بوون...؟ بۆچی...؟ چۆن...؟ دەستپێدەکات.
لەگەڵ وەڵامی نموونەییان
نموونە دەبێت دەستەبەربکرێت

**2. راست وچەوت:** لەم جۆرە تاقیکردنەوەیە رستەیەکی کورت دەربارەی بابەتێک دەستەبەردەکرێت وپاشان قوتابی بە ڕاست یان چەوت دادەنێت. نموونە دەبێت دەستەبەربکرێت.

**3. بژاردەی زۆر:** لەم جۆرە تاقیکردنەوەیە ژمارەیەک دەستەواژە دەستەبەردەکرێت لە ژێر رستەیەک وپاشان قوتابیان دەستەواژەی راست هەڵدەبژێرێت. نموونە دەبێت دەستەبەربکرێت.

**20. تێبینی تر**

**21. پێداچوونەوەی هاوەڵ**